سەعدی پیرە: برادەران وەک هێزێکی نیشتمانی هەر کێشەیەک هەبێت دەبێ بە ئاشتی چارەسەر بکرێت



سەعدی پیرە: برادەران وەک هێزێکی نیشتمانی هەر کێشەیەک هەبێت دەبێ بە ئاشتی چارەسەر بکرێت.

سەعدی پیرە لە میانی کۆنگرێیەکی رۆژنامەنوسی ئەمڕۆ دووشەممە لەبارەی جموجۆڵەکانی پارتی لە هەولێر لە رۆژی 31ـی ئاب کردییان، ڕایگەیاند، "پەیمان سێیربوو برادەران لە رۆژی 31ـی ئاب ئەو جموجۆڵەیان هەبوو، بەڵام وەک هێزێکی نیشتمانی هەر کامەکیان دەبێ بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، یا خێکی رۆژئاوا.

شایەنی باسە...

رۆژی 31ـی ئاب، ژمارەیەک لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبەکەیان لە بەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لە هەولێر کۆبونەوە میدیاکانی ئەو حیزبەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەوماڵی ئەو چالاکییەیان کرد، بەڵام کاتێک یەکێک لە پەیامنێرەکان ویستی پرسیار لە چەند لایەنگری پارتی بکات، ئەو کەسانە وتیان کە عەرەبن و زمانی کوردیی نازانن، بۆ ئەوارەی هەمان ڕۆژ دوبارە لایەنگرانی پارتی لەبەردەم قەڵای هەولێر کۆبونەوە، دووبارە لە پێخشی ڕاستەوخۆ یەکێک لە لایەنگرانی پارتی وتی من خێکی رۆژئاوای کوردستانم.

مەبەستی سەعدی پیرە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی عەرەب و رژێماوا ئاماژە کردن بوو بۆ ئەو دوو هۆوداوە، لەهەمان کات بەکارهێنانی دەستەواژەی تۆئوف، مەبەستی ئەو دەستەواژەیە بوو کە لە سۆشیال میدیا کورتە تەمسیلییەکی کەمیدی هەیە کە یەکێک لە ئێکتەرە کەمیدییەکان بانگی ئێکتەرێکی دیکە دەکات و پێی دەڵێت "تۆئوف حەیامان چوو یا نا؟" ئەمە بووە بە ترێند لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

سەعدی پیرە بە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە ئەم کارانەی پارتی بە حەیاچوون ناوبرد کە لە بەرامبەر حیزبەکەی یەکێتیی کردوویەتی.